زۆر بەڕێز دکتۆر زەردەشت حاجۆ

ڕێزوسڵاو

(أ) بەناوی پێناکورد تیو نەتەوەیی لەکۆنفرانسی کۆمیتەی مافی زمان سەربەپێناتیو نەتەوەیی لەڕۆژانی

13-هەتا 16.09.2007لە باژێری Ohrid/ Mekedonyaئا مادەبووم..

لەژێر ڕووناکیی ئەو باسە عەرەبییەی سەرەوە،بە زمانی ئینگلیزی ،بە شەفەیی و بە نووسیین ڕاپۆرتەکەم بەناوی پێناکوردی ناونەتەوەییەوە،سەبارەت بە کوردستانی خواروو،پێشکەش کرد..

ئەگەر لای ئێوە پەسەندبێ ،حەزئەکەم بەشە عەرەبییەکە لەسایتی Navenda PEN a Kurd دا بڵاوبکرێتەوە، یان تەرجەمە بکرێ بۆ زمانی دیکەولەسایتەکەدا بڵاوبکرێتەوە..سوپاس.

(ب) ئەوباسانەی لەکاتی کۆبوونەوە کاندا هاتنە پێشەوە،لەخوارەوە یەکێ لەدوای یەکێ پێشکەشتانی دەکەم :

1- پێشنیارم کرد کە کۆبوونەوەیەکی پێنی تیونەتەوەیی لە داهاتوودا لە کوردستانی باشووربکرێ،لە هەولێر یان لەسلێمانی.ڕایان وابوو کە ئەمە کاتێکێ بڕیاری لەسەر دەدەرێ کە پێناکورد توانیبێتی سەنتەری خۆی لەکوردستانی باشوورکردبێتەوە. بۆئەنجامدانی ئەمەش،پێناکورد لە هەولێر یان لەسلێمانی کۆبوونەوەیەکێ بۆئەندامەکانی خۆی بکات.لەوکۆبوونەوەیەدا هەندێ لە لێپرسراوانی سەرەکیی هەرێمی کوردستان بانگێ بکرێن وتێ بگیەنرێن کە پێناناڤنەتەوەیی چییە وچۆنەو مەبەست لە هەبوونی سەنتەری پێناکورد لە کوردستانی باشووردا بۆ چ مەبەستێکە . ئەمەش بۆدڵنیا کردنی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستانی باکوور لە داواکردنەکەی خۆی.واتا کردنەوەی سەنتەری پێناکورد لە هەرێمی کوردستانی فیدراڵ.

2- یەکە یەکەو جیابەجیا بۆنوێنەرانی وڵاتەکانی ئەوروپام ڕوون دەکردەوە کە پێنا کورد کەم دەرامەتەولە ئابوونەی ئەندامەکانی خۆی زیاتر، هیچ داهاتێکی پارەوپولی دیکەی نییە و ئایا چارەمان چییەوە وئێوە ڕانەماییتان چییە؟

بۆم دەرکەوت کە (حکومەتی نەرویج) لەتوانایدا هەیە یارمەتیی مالیی پێناکورد بدات.بەمەرجێ پێناکورد خۆی دەستپێشکەری بکات لەداخوازییەکەیدا. حکومەتی نەرویج ئامادەنییە خۆی بە پێناکوردبلێ وەرن یارمەتیی مالیتان ئەدەمێ.واتا،دەبێ پێناکوردخۆی بەملاوبەولادا هەوڵ بدات وبارودۆخی خۆی لەکۆبوونەوەکانداو بە پێیوەندیی ئی- مێل ووەسائیلی دیکە،ڕوون بکاتەوەو داخوازییەکەی بدات بە(حکومەتی نەرویج) بە ئەوڕێگەیەدا کەپێناکورد خۆی پەسەندی دەکات..

3-داوا لە حکومەتی ئەڵمانیابکرێ کە شوێنێ دابیین بکات بۆسەنتەری پێناکورد بۆئەوەی جاربەجار و بەگوێرەی پێویست ئەندامەکانی کۆبوونەوەی خۆیانی تیادابکەن.

4- سەنتەری پێناکورد لەسەر ئنتەرتێت بچێتەسەر سایتی DIVERSITY Web DIVERSITY وبەرهەمەکانی خۆی بۆبنێرێ وپرسیاروڕای خۆی لەگەڵ ئەواندائالۆگۆڕ بکات.

5- پێناکورد.بەسەر سایتەکەی خۆیدابچێتەوە وسوودلە چۆنیتیی ڕێکخستنی سایتی DIVERSITYبکات.

6-لەسەرڕای هەندێ لە نوێنەرانی کۆنفرانسەکە، ڕێکخەری سایتی پێناکورد،تەعقیبی ڕووداوی عالەمی بکات،وەکInternational Daysوئەوبابەتانەی بۆپێناکوردسوودبەخشە،بەئینگلیزی یان بە عەرەبی یان بە کوردی لەسایتی پێناکورددابڵاوبکرێتەوە،وەک ئەوبابەتانەی دەربارەی زمان،ڕۆمان،هەڵبەست...هتد کەلەInternational Daysدابڵاودەکرێتەوە.

7- لەکاتی Clickکردنە سەرسایتی پێناکورد،بابەتەکانی ناوسایتەکە، بەگوێرەی پیتە ئەبجەدییەکانی P.E.N. دەربکەوێ.بۆنموونە: لەژێرپیتیP دا Poets,Playwrights. لەژێرپیتی Eدا:.Editors,Essayists لەژێر پیتی N دا Novelists دەنگوباس وبەرهەم وچالاکیی کەسایەتیەکوردەکان دەربکەوێت.

8- ئەوئەندامانەی ناویان لە سەنتەری پێنا کورددا هەیە،دەبێ بەرهەمیان هەبێ وجارجاربەرهەمەکەیان لەسایتی پێناکورددا بەرچاوبکەوێ.تەنها نووسینی ناوەکانیان کافی نییە بۆ پێنا ئینتەرناشیوناڵ.

9- لەسایتی پێناکورددابابەتی Lyric(هۆنراوەی پرسۆز) هەبێ کە کراوە بەگۆرانی،یان بۆگۆرانی دەست ئەدات وراڤەبکرێ بۆزمانەکانی دیکەی تێودەوڵەتی..

10- لەسایتی پێناکورد سەبارەت بە نووسەران وهۆنەران ووەرگێرەکان کە ئێستا لەژیاندان بابەت بنوسرێ وباس بکرێن وبەخەڵکان بناسرێن.

11- هەوڵ بدرێ ،ئەوەندەی لەتوانادایە ودەتوانرێ،نوێنەرانی پێناکورد بچن بۆ هەرچوارپارچەکەی کوردستان بۆراکێشانی ئەندامانی دیکە ،یەکێ یەکێ یان بەکۆمەڵ بۆناو پێناکورد.

12- گۆرپینەوەی بابەتەکانی ناوسایتی پێناکورد لەگەڵ بابەتی دیکەی سایتەکانی جیهانی .

13- ناوبەناو نیمچە پەرتوکێک دەربکرێ.لەسەرپێناکورد،واکتفانەکرێ بە ئەولاپەرانەی لەسەر سایتەکە بڵاودەکرێتەوە.

14- بەرای Casimiro de Brito,Diversity Editor and President of the Portugal PEN Centre. پێویست وایە نوێنەری پێن P.E.N Representativeحەسرنەبێ بە (سەرۆک، جێ نشینی سەرۆک،سکرتێر،لێپرسراوی دارایی )بۆکۆنفرانسەکان، بەڵکو،دەبێ بواربدرێ بەئەندامانیش کە لە کۆبوونەتێودەوڵەتیەکاندا ئامادەبن بۆیەکتر ناسیین ولەیەکێ شارەزابوون لەهەموورووبەکی سوودبەخشەوە.

شوکت ملا اسماعیل حسن

نوێنەری ناوەندی پێناکوردبۆ کۆنفرانسی کۆمیتەی مافی زمان سەربەپێنی تێونەتەوەیی

لەOhrid-Mekedoniya

لە2007/09/13هەتا2007/09/16